چیرۆکی (ئیسڕا و میعراج) ی ئیسلامی

لەنێوان قورئان و گێڕانەوە ئیسلامیەکان و ئەفسانەی کۆندا

سەروەر پێنجوێنی

یەکێک لەو باوەڕە ئیسلامیانەی کە لە بیر و خەیاڵدانی مرۆڤی موسوڵماندا بایەخیان هەیە و بەشێکن لە کەلەپوری ڕاڤەی دەقەکان و لە دابونەریت و یاد و بۆنە ئیسلامیەکان، باوەڕی (ئیسڕا و میعراج) ـە کە بەشێکە لە بیروباوەڕ و خەیاڵدانی ئیسلامی و بوەتە ڕاڤەی کۆمەڵێک دەقی قورئانی و کۆمەڵێک گێڕانەوەی لەسەر دروست بوە و ـ لە گەلێک ناوەندی ئیسلامیی میللیدا ـ بوەتە بۆنە و جەژنێکی ئیسلامی، بەڵکو وەکو (موعجیزە) یەک باس لێوە دەکرێت و بە (موعجیزەی ئیسڕا و میعراج) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە، ئەم باوەڕە، یان ئەم چیرۆکە، تا هاتوە زیاتر گەشەی کردوە و زیاتر دەوڵەمەند کراوە بە دیمەنی چیرۆکخوانی، هەتا وای لێ هاتوە وەکو (موعجیزە) یەکی پێغەمبەری ئیسلام لە بیری ئایینیی ئیسلامیی سەردەمانی نوێدا بیری لێ کراوەتەوە، وەکو دواتر دەبینین چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا تەنها ئاماژەیەکی قورئانیی تەمومژاوی و کورتبڕە دەربارەی بەشی یەکەمی چیرۆکەکە (ئیسڕا)، و دەبینین لای هەندێک سەرچاوە و کەسایەتیی ئیسلامیی یەکەم بە (خەون) ێک زانراوە.

هەرچەند (ئیبن عەبباس) سوێندی خواردوە کە موحەممەد شەوی میعراج بە چاوی سەر خوای بینیوە. هەروەها ئەو حەدیسە دورودرێژەی چیرۆکی (ئیسڕا و میعراج) هەر لە ئیبن عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە. لە کاتێکدا دەزانین ئیبن عەبباس ئەو کاتەی ـ بەپێی گێڕانەوە ئیسلامیەکان ـ (ئیسڕا و میعراج) ڕوی داوە زۆر منداڵ بوە یان هەر لە دایک نەبوە، لەدوادوای تەمەنی پێغەمبەریشدا هەر منداڵ بوە و جێگەی ئەوە نەبوە کە پێغەمبەر ئەو دەنگوباس و چیرۆکە درێژە تەنها بۆ ئەو بگێڕێتەوە.

لە هەمان کاتدا هەندێک هاوەڵی تری پێغەمبەر، وەکو عائیشە کە لە نیوەی دوەمی ژیانی پێغەمبەرایەتیی موحەممەد زۆر ئاگادار بوە و زۆر هەڵەی بۆ هاوەڵەکانی تری موحەممەد ڕاست کردوەتەوە، هەروەها هاوەڵێکی تر بە ناوی (حوذەیفەی کوڕی یەمان) کە بە ڕاستگۆیی ناودارە، هەروەها موعاویە کە بە عەقڵ و دانایی و بیرکردنەوەی واقیعی ناودارە.. ئەمانە وتویانە کە ئەو (شەوڕەوی و گەشتە ئاسمانیەی موحەممەد) تەنها خەونێک بوە و هەموی لە خەودا بوە. عائیشە ئەو قسەیەی ئیبن عەبباس بە تەواوی بە هەڵە دەزانێت کە وتویەتی موحەممەد شەوی ئیسڕا و میعراج خوای بینیوە (واتە بە جەستە چوەتە ئاسمانەکان تا لەبەردەم خوا ئامادە بوە) و ئەو هەڵەیەی بۆ ڕاست دەکردەوە و دەیوت ڕوداوەکە بەو شێوەیە نەبوە و بەڵکو ئەو شەوە پێغەمبەر جێگەی خەوتنەکەی بەجێ نەهێشتوە!

بەڵام ئەوەندە هەیە لەو بیرکردنەوە ئایینیەدا خەون شتێکی سادە نیە، خەون لە بیری ئەفسانەییدا دەلاقەیەکە بە ڕوی جیهانی ڕۆحدا کە لەو جۆرە بیر و جیهانبینیەدا جیهانێکە لە جیهانی ژیانی ڕۆژانە کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێت. ئەو مرۆڤەی لە ڕوانگەی ئەو بیرە ئەفسانەییەوە بۆ جیهان دەڕوانێت ئەو کەس و ڕوداوانەی لە خەوندا دەیانبینێت بە واقیعی دەزانێت و پێی وایە ئەوانە لە جیهانێکی نادیاری واقیعیەوە خۆیان پێشانی ئەم دەدەن. هەروەکو دەرکەوتەیەکی ئەم باوەڕە وا بیر لە خەون کراوەتەوە کە گەشتێکی ڕۆحە و ڕۆشتنیەتی بۆ دەرەوەی جەستە، ئەم حاڵەتەش (دەرچونی ڕۆح لە جەستە لە حاڵەتی خەون بینیندا) بەپێی ئەو بیرکردنەوەیە لە حاڵەتی مردن دەچێت کە ئەمیش هەر دەرچونی ڕۆحە لە جەستە، بەڵام جیاوازیەکەیان ئەوەیە کە لە حاڵەتی خەوندا جەستە دەگەڕێتەوە، کە لە مردندا بەپێچەوانەوە ناگەڕێتەوە بۆ ناو جەستە.. ئەم بیرکردنەوەیە لو قورئانیشدا هاتوە، کە دەقاودەق وەک ئەو بیروباوەڕە دەڵێت: (الله يتوفّى الأنفُسَ حينَ موتِها والتي لم تَمُتْ في منامها، فيُمْسِكُ التي قضى عليها الموتَ ويُرسِلُ الأخرى إلى أجل مسمى) (الزمر: ٤٢).

بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە بەپێی بیری ئایینی پەیوەندی بە جیهانی خواوەند و ڕۆحەکانەوە دەکەن و بەهرەی پێغەمبەرایەتی و سروش وەرگرتنیان هەیە، بەپێی ئەو بیرە ئایینیە (خەون) ی ئەوان ئەزمونێکی تەواو واقیعیە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە بەو جیهانە نادیار یان دور یان دواڕۆژیەوە کە لە خەونەکەدا نمایش دەبێت، ئەمەش چونکە بەپێی ئەو بیرە ئەفسانەییە ئەو جۆرە کەسانە پەیوەندی و (سیگناڵ) ی ڕۆحییان زیاترە! هەر بۆیە لە ئیسلامیشدا بڕوا وایە کە (خەون) ی پێغەمبەران جۆرێکە لە سروشی خوایی. هەر لەسەر ئەم بنەمایەوە قورئان باس دەکات کە ئیبراهیم کاتێک سروشی بۆ کراوە کە کوڕەکەی بکاتە قوربانی، دەڵێت ئیبراهیم وتویەتی کە "لە خەوندا خۆم بینیوە سەرت دەبڕم" (إني أرى في المنام أني أذبحك..) (الصافات: ١٠٢)، ئیتر ئەم بینینەی خەونەکەی بەسە بۆ ئەوەی بزانێت خواوەندەکەی چیی لێ داوا دەکات.

هەر بۆیە کاتێک هەندێک هاوەڵی موحەممەد ئەو (شەوڕەوی و گەشتە ئاسمانیەی موحەممەد) بە خەون بزانن ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەو شەوڕەوی و گەشتە بە ناواقیعی و خەونوخەیاڵ دەزانن، بەڵکو تەنها مانای ئەوەیە کە ئەو شەوڕەوی و گەشتە بە ڕۆح بوە، واتە لە حاڵەتی خەودا ڕۆحی موحەممەد ڕۆشتوە ئەو شەوڕەوی و گەشتە ئاسمانیەی کردوە یان پێی کراوە.

لە سەرچاوەکانی بیری ئایینیی ئیسلامییشدا هەر لە ڕێوە و بەڕونی ئەوە دەوترێت کە ئەم بابەتە (خیلافی) ـە، واتە ناکۆکی و جیاوازیی بیروبۆچونی تێدایە لای زانایانی ئیسلام. ئیتر دەوترێت کە زۆرینە (الجمهور) ی زانایانی ئیسلام پێیان وایە کە ئەو شەوڕەوی و گەشتە ئاسمانیە بە ڕۆح و جەستە بوە، هەندێکیش (کە ناویان نابرێت) لە زانایانی ئیسلام بڕوایان وا بوە کە تەنها بە ڕۆح بوە، کە ئەمە دەچێتەوە سەر گێڕانەوەکەی عائیشە و حوذەیفەی کوڕی ئەلیەمان و موعاویە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە لە بیری ئیسلامیی نوێدا ئەم بیرورا جیاوازانە باس ناکرێن، بەڵکو وەکو (موعجیزە) یەک و شتێکی بەڵگەنەویست و (قطعي) باس لە چیرۆکەکە دەکرێت.

شایەنی ئاماژەیە کە لە خودی گێڕانەوە ئیسلامیەکەدا بەڵگەی تەواو هەیە بۆ ئەوەی (شەوڕەوی) ـەی کە موحەممەد باسی کردوە تەنها خەونێک بوە، لە خودی قورئانەوە بەڵگە هەیە، لە (فەرمودە) و گێڕانەوەکانیشەوە بەڵگە هەیە:

لە قورئانەوە: کاتێک قورئان ئاماژە بۆ ئەو باسی (شەوڕەوی) و بینینی (المسجد الأقصى) دەکات، بە (الرؤيا) ئاماژەی بۆ دەکات، کە دەڵێت: (وما جعلنا الرؤيا التي أريناكها إلا فتنة للناس..) (الإسراء: ٦٠)، کە دەڵێت: (ئەو "ڕوئیا" یەی پێشانمان دایت هەر بۆ ئەوە بو خەڵک تاقی بکرێنەوە..)، کە ئەمەش دەنگدانەوەیەکی ئەو دەنگوباس و هەواڵەیە کە هاتوە و باس لەوە دەکات کە خەڵکێکی زۆر، لەوانەش کە پێشتر باوەڕیان بە موحەممەد کردوە، بە هۆی بڵاوبونەوەی دەنگوباسی (شەوڕەوی) ـەکەیەوە لێی کەوتونەتە گومانەوە و هەڵ گەڕاونەتەوە و خەڵکێکی زۆری تریش گومانەکانیان زیاد بون. جا لێرەدا مەبەست وشەی (رؤيا) یە، کە هەرچەند وشەکە هەروەکو وشەی (رؤية) بە واتای (بینین) ـە، بەڵام نەریتی زمانی (العُرْف اللُّغَوِيّ) ی عەرەبی وشەکەی تایبەت کردوە بە (بینینی حاڵەتی خەو) ەوە، واتە (خەون) یان (خەون بینین). بۆیە وشەکە لە شوێنەکانی تری هاتنیدا لە قورئاندا هەر بە واتای (خەون) یان (خەون بینین) بەکار هاتوە: (قال: "يا بنيّ! لا تقصص رؤياك..") (يوسف: ٥)، (يا أيها الملأ! أفتوني في رؤاي إن كنتم للرؤيا تعبرون) (يوسف: ٤٣)، (وقال: "يا أبتِ! هذا تأويل رؤياي من قبل..") (يوسف: ١٠٠)، (يا إبراهيم! قد صدّقتَ الرؤيا..) (الصافات: ١٠٤، ١٠٥)، (لقد صدق اللهُ رسولَه الرؤيا بالحق) (الفتح: ٢٧).. ئەمانە هەمویان باسی خەون دەکەن. هەر لە قورئاندا وشەی (دەبینم) "أرى" بۆ واتای (لە خەوندا دەبینم) هاتوە: (أرى) (يوسف: ٤٣)، (أرى في المنام) (الصافات: ١٠٢).

لە گێڕانەوەکانیشەوە: چیرۆکی (ئیسڕا و میعراج) کە بە شێوەیەکی فەرمودەیەکی دورودرێژ گێڕدراوەتەوە، لەسەر زمانی موحەممەد خۆیەوە دەڵێت: "لە کاتێکدا کە لە (حيجر) ـ جێگەیەکە یان دیوارێکە لە نزیک کەعبە ـ خەوتبوم؛ دو فریشتە هاتن.." ئیتر چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، و ناشڵێت ڕابوم لە خەوەکەم و بەخەبەر بومەوە، بەڵکو بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەدا.. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خودی گێڕانەوەکە ئەو هەستەی تێدایە بەوەی کە بابەتەکە هەموی لە خەودا بوە. بەڵکو دەتوانین بڵێین هەر شەوڕەوی بۆ خۆی لەگەڵ کەشی خەوندا دەگونجێت، ئەگەر خەون نەبوبێت یان وەکو خەون بیری لێ نەکرابێتەوە بۆچی باسی شەوڕەوی و ڕۆشتنی کاتی شەو دەکرێت؟

ئەگەریش بوترێت ئەگەر موحەممەد بۆ خۆی وەکو (خەون) باسی شەوڕەویەکەی کردبێت؛ ئیتر بۆچی شتێکی سەیر بوە و بۆچی لێی کەوتونەتە گومانەوە؟ وەڵامی ئەم ڕەخنە سادەیە ئەوەیە کە موحەممەد وەکو شتێکی زۆر واقیعی باسی ئەم ئەزمونە ڕۆحیەی خۆیی کردوە، سەرەتای سورەتی (الإسراء) کە ئەو باسەی گەیاندوە نیشانەی ئەوەیە، چونکە دەبینین دەڵێت "خوا شەوڕەویی بە بەندەکەی کردوە"، واتە وەکو شەوڕەوییەکی واقیعی باسی کردوە. وەکو پێشتریش وتمان، لە بیری ئەفسانەییدا هەمیشە وەکو ئەزمونێکی واقیعی باس لەو ئەزمونە (ڕۆحی) ـە دەکرێت کە لە خەوندا دەگوزەرێت. ئەمە ئەو دیاردەیە لێک دەداتەوە کە بۆچی دەقە قورئانیەکە (الإسراء: ١) وەکو ئەزمونی واقیعی باسی ئەو خەونە دەکات. دواتریش کە دێتەوە سەر باسی هەمان چیرۆک لە هەمان سورەتدا بە وشەی (رؤيا) گوزارشی لێ دەکات کە ـ وەکو وتمان ـ بە واتای (خەون) ـە لەوێدا، بەڵام موحەممەد (یان خاوەنی ئەو دەقە) پێی وا نەبوە کە خەون ئەزمونێکی ناواقیعی بێت، بۆیە زانیویەتی کە خەونێک بوە، یان وەکو خەونێک بیری لێ کردوەتەوە، بەڵام هەر بە ئەزمونێکی واقیعیی زانیوە.

چیرۆکەکەی ئیسڕا و میعراج گەلێک شتی تێدایە کە جێی سەرنجن، لەوانە باسی ئەوە دەکات کە هەر لە سەرەتاوە لەلایەن فریشتەکانەوە سنگی لەت کراوە و دڵی شۆردراوە و بەشی شەیتانی لێ دەرهێنراوە! ئەمە دیمەنێکی خەیاڵی و هێماییە کە لە دو چیرۆکدا بەکارهاتوە: یەکەمیان چیرۆکی لەتکردنی سنگ و شۆردنی دڵی لە منداڵیدا، لەگەڵ چیرۆکی ئیسڕا و میعراج کە دیارە هەر بە ئەنقەست لەگەڵ ئەمەیاندا تێهەڵکێش کراوە.

چیرۆکی ئیسڕا و میعراج تا چ ڕادەیەک بنچینەی لە ئیسلامدا هەیە؟

دەبێت لە سەرەتاوە ئەوە ڕون بێت کە تەنها ئیسڕا لە قورئاندا بنچینەی دڵنیای هەیە، کە سەرەتای سورەتی (الإسراء) ە: (سبحان الذي أسرى بعبده ليلا من المسجد الحرام إلى المسجد الأقصى..) (الإسراء: ١)، بۆیە دەتوانین بڵێین ئیسڕا (شەوڕەوی) چیرۆکێکی قورئانی یان ئیسلامیی ڕوتە، واتە داهێنانێکی ئیسلامیە (هەرچەند بۆنوبەرامی بیری یەهودیی هەر پێوەیە دەربارەی شوێن و پێگە و پیرۆزی شاری قودس و پەرستگاکەی و گەڕانەوە بۆی).

(میعراج) یش تەنها لە (فەرمودە) و گێڕانەوەکاندا بەڕونی باس کراوە. بەڵام ئاماژەیەکی تا بڵێیت تەمومژاوی بۆ بینینێکی جیهانی خوایی لە سورەتی (النجم) دا کراوە بە بنچینەی دەنگوباسی میعراج، کە ڕەنگە تەنها باسێکی بینینی جەبرائیل (یان دو جار بینینی) بێت لەلایەن موحەممەدەوە نەک باسی گەشتێکی ئاسمانی. بۆیە چیرۆکی میعراج نەک هەر ئەدەبیاتی ئیسلامی لە ئەدەبیاتی ئایینیی پێش خۆیی وەرگرتوە، بەڵکو هەر پێ ناچێت بنچینە و بنەڕەتێکی لە سەردەمی قورئاندا بوبێت. وا دەردەکەوێت دوای کارلێکی زیاتری بیری ئایینیی ئیسلامی لەگەڵ کەلەپوری ئایینیی گەلانی دەوروبەر (بەتایبەتی جولەکە و زەردەشتیەکان) دروست بوە و تێکەڵ بە ئیسلام بوە. ئیتر ئەو سەرەتایەی سورەتی (النجم) لەگەڵیدا گونجێنراوە و کۆمەڵێک گێڕانەوەی هێناوەتە کایە کە چیرۆکی شەوڕەوییان لەگەڵ چیرۆکی گەشتە ئاسمانیەکەدا تێهەڵکێش کردوە.

واتە ئێمە تەنها متمانەمان بە چیرۆکی شەوڕەوی هەیە وەکو چیرۆکێکی ڕیشەدار لە قورئاندا، ئیتر چیرۆکی گەشتە ئاسمانیەکە وەکو تەواوکەرێک و وەکو وەرگرتنی کاریگەریی بیری ئایینیی پێشو لەگەڵی تێهەڵکێش کراوە.

لە ڕاستیدا لەسەر چیرۆکی (شەوڕەوی) یش و بنچینە قورئانیەکەیشی دیسان گومان دروست بوە:

ئەو سەرەتایەی سورەتی (الإسراء)، واتە ئایەتی یەکەمی کە باسی شەوڕەویەکە دەکات، لە ڕوی بابەتیەوە و لە ڕوی هونەری و فۆرمی دەقەکەوە نامۆیە بە پاشماوەی سورەتەکە، هەرچەند ئەم ئایەتە بە (البصير) کۆتایی دێت، بەڵام پاشماوەی سورەتەکە (سەجع) ێکی جیاوازە کە هەمو ئایەتەکان بە (ئەلیف) ی بڕێتیی (تەنوین) کۆتاییان دێت. هەر لێرەوە دیارە ئەم ئایەتەی یەکەم نامۆیە بە پاشماوەی سورەتەکە. ئەمە گومانی ئەوەی دروست کردوە کە ئەم ئایەتە دوای تەواوبونی قورئان لە سەردەمی موحەممەددا دروست کراوە و زیاد کراوە بۆ قورئان. ئەوانەی ئەم گومانە دەبەن ئەوەش دەکەن بە بەڵگە کە ئایەتەکە ئاماژە بۆ (المسجد الأقصى) دەکات، کە ئەم مزگەوتە ئەگەر مەبەست مزگەوتی (قبة الصخرة) بێت ئەوا لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا دروست کراوە. ئەگەر وا بێت کەواتە ئەم ئایەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئومەویەکان و ئەو کاتە زیاد کراوە بۆ قورئان!

بەڵام ئەم گومانانە بەهێز نین، ئەگەر بزانین کە قورئان بەگشتی بە پەرستگا دەڵێت (مسجد)، بۆیە ئاساییە پەرستگای یەهودی لە قودس بە (المسجد) ناو ببات. مەرجیش نیە مەبەست مزگەوتی (قبة الصخرة) بێت، بەڵکو مزگەوتی (قبة الصخرة) تەنها شوێنێکی گرتوە لەو گۆڕەپانە پیرۆزەدا. سەبارەت بە نامۆیی ئایەتی یەکەم بە پاشماوەی سورەتەکە، ڕەنگە پاساوی ئەو نامۆییە ئەوە بێت کە ئایەتە خراپ ڕێک خراوە، ئەگەری گەورە ئەوەیە کە ئایەتەکە ڕەسەنە، بەڵام ئەو شوێنە (سەرەتای سورەتی ناونراو بە "الإسراء") شوێنی خۆی نیە (هەرچەند توێژەرە موسوڵمانەکان لە ڕوی واتاوە پەیوەندی دەدۆزنەوە لەنێوان ئایەتی یەکەم و دواتردا)، یان ئایەتەکە هەر لە بنەڕەتدا تەنها بوە و لەو شوێنەدا دانراوە، یان ئایەتی تری لەگەڵ بوە و ئایەتەکانی تر فەوتان و ئەم ئایەتە تەنها کەوتوەتەوە و خراوەتە ئەم شوێنە. دیارە نامۆیە بە شوێنەکە، بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگەی نارەسەنیی ئایەتەکە. دوریش نیە بەڵگە و شوێنەواری زیاتر نارەسەنیی ئایەتەکە بسەلمێنن، چونکە هاتنی باسی (المسجد الأقصى) هەر چۆنێک بێت هەر نامۆیە و هەست بە پەیوەندییەک دەکرێت لەگەڵ ئومەویەکاندا کە پایتەختیان لە یەمەنەوە گواستەوە بۆ شام.

پێشینەکانی چیرۆکی گەشتی ئاسمانی:

کەلەپوری یەهودی و مەسیحی دەوڵەمەندە بە چیرۆکی بەرزبونەوە (عروج) بۆ ئاسمان و جیهانی خوایی و گەشتی ئاسمانی. دیارترینیان ئەو هەمو چیرۆکی (عروج) ەن کە دەدرێنە پاڵ (عەزرا)، کە کتێبی خەونەکانی (ئێسدراس) (کە هەر پێی دەوترێت "خەونی ئێسدراس" Apocalypse of Ezra) یش هەر نمونەیەکی ئەم خەونانەی (عەزرا) یە، چونکە بەپێی بیروڕایەک (ئێسدراس) شێوەی گریکیی گۆڕاوی ناوی عیبریی (عەزرا) یە. بەپێی بیروڕایەکیش، ئاماژەی قورئان بۆ (ئیدریس) و بەرزکردنەوەی بۆ شوێنێکی بەرز (ورفعنا مكانا عليا) (مريم: ٥٧)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چیرۆکی بەرزبونەوەی ئێسدراس، و ناوی (إدريس) شێوەی گۆڕاوی (ئێسدراس) ـە.

پێش ئەدەبیاتی یەهودییش، لە کولتوری عێراقیی کۆندا چیرۆکی بەرزبونەوە بۆ ئاسمان نمونەی هەیە، وەکو: چیرۆکی بەرزبونەوەی (ئیتانا) کە باس لە بەرزبونەوەی پاشایەک دەکات لەسەر پشتی باڵندەیەک بەرەو ئاسمان. هەروەها چیرۆکی (ئاداپا)، کە هێمای مرۆڤە، چیرۆکە شومەریەکە باس لە (عروج) ی ئەو دەکات لەگەڵ خواوەند (ئێنکی) بەرەو لای خاوەندی هەرەگەورە خواوەند (ئان) لە ئاسمان. لێکچونی ئەم چیرۆکە شومەریە لەگەڵ چیرۆکە ئیسلامیەکەی میعراجدا زۆر زۆر سەرنجڕاکێشە: موحەممەد بە هاوەڵیی جەبرائیل دەچێتە بارەگای خوا لە ئاسمان، بە هەمان شێوە ئاداپا بە هاوەڵیی خواوەند ئێنکی دەچێتە بارەگای خواوەند (ئان) لە ئاسمان، کە کەسێتیی ئێنکی زۆر لە کەسێتیی جەبرائیل دەچێت، (ئێنکی) یش وەکو جەبرائیل سروش و هەواڵی نهێنیی خواوەند دەهێنێت بۆ مرۆڤ..! ئینجا ئاداپا لە حزوری خواوەند (ئان) دا دو جۆر خواردنەوەی بۆ دەهێنن: خواردنەوەیەکی ئاسایی کە خواردنەوەی مرۆڤەکانە، خواردنەوەیەک کە نەمری دەبەخشێت کە خواردنەوەی خواوەندەکانە.. جا ئێنکی هەرچەند دۆستی ئاداپا بو بەڵام ئامۆژگاریی کرد کە خواردنەوە ئاساییەکە بخواتەوە (ئەمەش هەستێکە لای مرۆڤی عێراقیی کۆن کە بڕوای وا بوە خواوەندەکان بە هەمو شێوەیەک نەمری بۆ خۆیان دەهێڵنەوە و نایبەخشن بە مرۆڤ)، لە بەرامبەریشدا موحەممەد لە حزوری خوادا دو خواردنەوەی بۆ دەهێنن: خواردنەوەیەکی ئاسایی کە شیرە، لەگەڵ خواردنەوەیەک کە خواردنەوەی نەمرەکانە لە بەهەشتدا کە ئەویش (مەی) ـە! جا بەپێی چیرۆکەکە موحەممەد خواردنەوە ئاساییەکە هەڵ دەبژێرێت، بۆیە جەبرائیل پێی دەڵێت (فیترەتت هەڵ بژارد)! واتە ئەوەی بۆ پەسەند دەکات.. ئەم لێکچونە زۆر زەق و سەرنجڕاکێشە.. بەڵام من هێشتا بۆوم ڕون نەبوەتەوە چۆن ئەو دیمەنانەی چیرۆکە عێراقیە کۆنەکە گوازراونەتەوە بۆ چیرۆکە ئیسلامیەکە و لە چ کەناڵێکەوە.

لە کولتوری ئێرانی ـ زەردەشتیی کۆنیشدا، چیرۆکی (ئەرداڤیرافنا) هەیە، کە چیرۆکی گەشتی ئاسمانی و داهاتوویی خواناسێکی زەردەشتیە بە ناوی (ڤیراف) (یان: ویراف، یان: ویراز). چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان و بە پەهلەوی نوسراوە. چیرۆکەکە چیرۆکێکی میعراجیی نمونەییە، بەڵام باسی کاریگەریی ئەم دەقە لە گێڕانەوە ئیسلامیەکەی (میعراج) دا پێویستیی بە توێژینەوەی زیاترە، بەڵام دەکرێت ئەوەندە بڵێین کە دور نیە وەسفی (بەهەشت) و خۆشیەکانی و (دۆزەخ) و ئازاردانەکانی کە لە چیرۆکە درێژەکەی میعراجیی ئیسلامیدا باسیان هاتوە، کاریگەریی ئەم دەقەی لەسەر بێت. هەرچەند دەقە یەهودیەکانی گەشتی ئاسمانییش باسی جیهانی داهاتو و دۆزەخیان تێدایە.

دەزانم بابەتەکە زۆری دەوێت، بەڵام لێرەدا بەمەندە دەست هەڵ دەگرم. ■